وتەبێژی حکومەت ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی زیادڕەیی بە سەر زەویی کشتوکاڵییەکانی جادریە ڕاگەیاند

ئەمڕۆ شەممە"باسم عەوادی" وتەبێژی حکومەت،ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی سەبارەت بەزیادڕەیی بە سەر زەویی کشتوکاڵییەکانی جادریە ڕاگەیاند. "عەوادی"لە کۆنگرێیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند: ئەو لیژنەیەی کە سەرۆک وەزیران سەبارەت بە پێشێلکارییەکان بە سەر زەویی کشتوکاڵییەکانی جادریە پێکهێنراوە ڕاسپاردەکانی خۆی ئاراستەی نووسینگەی سەرۆک وەزیران کردووە. ئاماژەی بەوەشکرد:- کە ئەو لیژنەیەی سەرۆک وەزیران سەبارەت بە پێشێلکارییەکانی سەر زەویی کشتوکاڵییەکانی جادریە پێکهێنراوە،ڕاسپاردەکانی خۆی پێشکەش بە نووسینگەی سەرۆک وەزیران کردوە و لیژنەکە پێشنیاری کرد کە دەستی دەستپاکی ڕەنمایی بکرێت بە ئەوەی لێکۆڵینەوە لەگەڵ کارمەندانی پێوەندیدار بکاتەوە،لە بەڕێوەبەرایەتی تەمارکردنی خانووبەرە لە ڕەسافە دوو بەتەمەتی ساختەکاری و دەستکاریکردن. ئەوەشی خستەروو :- کە میراتگرەکەی "عەبدولحەمید لامی" هەماهەنگی لەگەڵ تەمەتباری هەڕهاتوو"سەلمان محەمەد حسێن" کردووە بە فرۆشتنی ئەو ناوچانەی کە خاوەندارەتییان نییە بە هاوڵاتیان، کە ڕووبەرەکەیان 400 مەتر چوارگۆشەیە. ووتیشی :- لێکۆڵینەوەی یاسایی ئەنجامدراوە لە مامەڵە کارگێییەکان لەسەر پارچە زەویی کشتوکاڵییەکانی سەرەوە، و ئەوانەی کە کەمتەرخەم بوون ڕەوانەی دەسەڵاتی دادوەری کراون، جگە لەوەی وەزیری دارایی ڕەنمایی کردوە بە کردنەوەی لێکۆڵینەوەیەک لە خانووبەرەی دەوڵەت .